# پایەی سەرکۆماری یەکسانەبە

# سەرشۆرکردن بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی شیعە!

**محمد غفور**
mgafor@yahoo.com

سەرەنجامی کیشەوگرفتەکانی نیوان لیستە براوەکان لەگالتەجاری هەلبژاردنی ئەم دواییانە لەسەر تەقسیمی دەسەلات،نەك بەتەوافق،بەلکو بەناچاری ملیان شۆرکرد بۆ دەسەڵاتی ئیسلامی شیعە لەعیراقی دوای سەددام حسیندا. هەلبژاردنی جلال تالەبانی بەسەرکۆماری عیراق ودانانی دوو جیگری شیعە وسوننە بۆی ئەمرۆ،واتە ئەم پیهاتەیە بەکردەوە ریگەی خۆشکرد بۆ پیکینانی دەولەتیك کەئیبراهیم ئەلجەعفەری سەربەلیستی شیعە سەرۆك وەزیرانی دەبیت،گوایا هەتا هەلبژاردنی کانوونی یەکەمی ئەمسال دوای دارشتنی دەستوور کەموهمەی سەرەکی ئەم دەولەتەی لیستی ئیسلامی شیعە دەبێ. بێگومان لیستەکان هیچ لایەکیشیان لاریان لەوە نییە کەئیسلام سەرچاوەی ئەصلی دارشتنی دەستووری ئایندەی عیراق بیت، وئەمەشیان بەرەسمی راگەیاندووە. سنووری دەسەلاتی سیاسی وحکومەتی سەرۆك وەزیران بالاترین دەسەلاتی وولاتە،وئاراستەی پیکهاتەی سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی وفەرهەنگی کۆمەلگا دەکات،ونەخشە وپلان وپرۆژە سیاسییەکانی لیستی خۆی لەچوارچیوەی شەرعییەتی دەسەلاتەکەیدا ئەکاتە روخساری سیاسی وئیداری وولات.هەر ئیستا ئیسلامی شیعە لەخوارووی عیراق یەکلایەنە حوکم دەکات بەپشتیوانی جمهوری ئیسلامی ئیران،وحوکمی شەعی ئیسلامی بەزۆری چەك وشمشیر وئیرهاب جێبەجێدەکات. تەنانەت ئەوەی جمهوری ئیسلامی ئیستا لەئیران ناتوانێ لەبەرامبەر خەلکدا بیسەپینێ،ئیسلامی شیعە جێبەجێی دەکات.ژنان بێ حجاب ناتوانن بچنە دەرەوە.باسی جیاکردنەوەی کچ وکور دەکەن لەخویندنگاکاندا.مۆسیقا وگۆرانی وسەیران وکەیف وخۆشی قەدەغەدەکەن.پەلاماری چەتەکانی سەر بەگرووپی صدر بۆسەر سەفرەی خویندکارانی زانکۆی بصرە نموونەی ئەم بەربەریەتە ئیسلامییەیە کەتالەبانی بۆی بۆتە بەردەباز.

لەم نیوەدا ئاشکرایە ئیسلامی سوننە کەموقاتەعەی هەلبژاردنیان کرد،ئیستا لەبەرامبەر ئیمتیازاتیکدا ملیانداوە بەم پرۆسە سیاسییە،وبەو حالەشەوە هیشتا پێدەچێ نسیبیان لەلیستی ناسیونالزمی کورد زیاتر بێ. بەلام بزووتنەوەی کوردایەتی بەناوی وەعدوبەلینی دژایەتیکردنی بەدیل ودەسەلاتی ئیسلامی شیعەوە خەلکی کوردستانیان راکیشایە ناو گالتەجاری هەلبژاردنەوە، کەچی زۆر بێغیرەتانەتر لەحیزبەکانی ئیسلامی سوننە وبەپەرۆشیکی سەیرەوە لەبەدەم ئیسلامی شیعەدا وەکو پیشەی هەمیشەییان چەمانەوە وبەپیچەوانەی بەلینەکانی خۆیانەوە جولانەوە.ناسیونالزمی کورد جوولانەوەیەکی سیاسی تایبەتە لەخۆرەلاتی ناوەراستدا، لەو رووەوە کەناکارامەییە سیاسییەکەی نیشانی داوە لەبەرامبەر ئامانجە قەومییەکانیدا کەبەرزی کردۆتەوە.سەرانی ئەم جولانەوەیە لەو شوینەوە کەهەمیشە لەپاڵ دەولەتە مەرکەزییەکان وکۆنەپەرستانی محەللی وناوچەییدا راوەستاون وپشتیان کردۆتە خەلك،گۆراون بۆ دەسکەلایەکی لەباری سیاسی لەهاوکیشە سیاسیەکانی ناوچەکەو ئەم دواییانەش جیهاندا.حوکمیکی برراوە لەسەر ئەم رابەرانەی کوردایەتی لەناو خەلکی کوردستاندا بەگشتی دەماودەم دەروات،ئەوەیە کەلەپیناوی قازانج وبەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا ئامادەبوون وئامادەشن کەدەیان جاری دیکە خەلکی ستەمدیدەی کوردستان بەرەورووی کارەسات ونەهامەتی بکەنەوە.ئەمەی ئەمجارەش دوایین دەسترەنگینییەکانیان نابێ. دوای زیادلە80ساڵ ئیلحاقی ئیجباری خەلکی کوردستان بەعیراقەوە،بەنەمانی رژیمی بەعس دەرگاکرایەوە کەکیشەی کورد بەشیوەیەکی عادلانە حەلبکرێ، بەلام سەرانی کوردایەتی فرۆشتیان پلەی سەرکۆماری، کەسنوور وتوانای سیاسییەکەی لەدەولەتی ئایندەدا لەئاستی دەسەلاتەکەی(احمدحسن بکر)تێناپەرێ.ئەم بزووتنەوەیە دووبارە سەلماندیانەوە کەگابەردی بەرپێی رزگاری وکۆتایی هاتنن بەپلەدوویی وزولمی قەومی بەسەریانەوە. دەنا کێهەیە نەزانێ پروپووچی دیموکراسی وفیدرالیەتی سەرزاری ئەم سەرانەی کوردایەتی زەررەیەك ئەم خەلکە لەهیواوئارەزووەکانیان نزیك ناخاتەوە،ونەك هەر ئەوەش بەلکو دریژەدەدات بەمانەوەی کیشەی کورد وەکو کیشەیەکی میژوویی وسەرچاوەیەك بۆ ژیانکردنی سیاسی ئەم جوولانەوەیە. حکومەتیك کەبریارە ئەم پیکهاتەیەی بەدەوری جلال تالەبانیدا موهیممەکانی بۆ رەسم کات،حکومەتیکی قەومی ئیسلامی شۆڤینییە،ولەسەر تۆپەلیك ناکۆکی پێدەگرێ کەهەر لەحزبەیەك هەر کام لەم لایەنانە دەتوانن ئاگری تێبەردەن. لەوانە،مەسەلەی فیدرالی کوردستان،مەسەلەی کەرکوك،کیشەی نیوان ئیسلامی شیعە وئیسلامی سوننە،مەسەلەی دەستوور،ولەرووی ئابووریشەوە پۆستی وەزارەتی نەوت خۆی بەتەنها ئەتوانێ هەموو تەوافقەکان ببات بەحەوادا.ئەمەیە ئەو "عیراقە دیموکراتی فیدرالی فرەییەی!"باسی لیوە دەکرێ.

بەلام ماتەریالی میژوویی وئینسانی بۆ بنیاتنانی عیراقیکی جیاواز لەمە،بەشیوەیەکی بەرچاو هاتۆتە مەیدان. خەبات ومانگرتنی دلیرانەی35رۆژەی خویندکارانی زانکۆی سلیمانی لەدژی گەندەلی زانکۆ وقاچاچیتی سەرانی کوردایەتییەوە بەسەر بەهاکانی زانست وخویندەوارییەوە،وپشتیوانی گەرمی خویندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لەهەولیر وزانکۆکانی بەغدا وبصرە وخویندنگاکانی دیکە وخەلکی لییان وسەرکەوتنیان، وەراپەرینی جەسورانەی خویندکارانی زانکۆکانی بصرە لەبەرامبەر پەلامار ودەسدریژییەکانی تاقمەکەی صدر بۆ سەریان، وجموجووڵ ومانگرتنە کریکارییەکانی ناوەندە

**کریکاریەکانی سەرتاسەری عیراق ونارەزایەتی ناو تویژەکانی تری کۆمەڵ،لەپاڵ سیاسەت وئاڵا وپرۆژە سیاسی وکۆمەلاٌیەتییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا بۆ یەکگرتووکردن وریکخراوکردنی ئەم حەرەکاتانە،خالیکی گەورەی ئومیدبەخشە بۆ دەرکیشانی عیراق لەژیرچنگی هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئەمریکا وئیسلامی سیاسی وبردنی بەئاراستەی کۆمەلگایەکی ئازاد وسکۆلار ویەکساندا بۆ دانیشتوانەکەی.**

2005-04-07